# حوکمی مارەکردنی خوشکەزای خێزان

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ موحەمەد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# هل يجوز له أن يتزوج بابنة أخت زوجته

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی مارەكردنی خوشكەزای خێزان

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام كراوە :

**پرسیار** : ئایا دروستە پیاو خوارزای خێزانی خۆی مارە بكات، ئەگەر خێزانەكەی خۆی لەژیاندا مابێت یان نە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

دروستە پیاو خوشكەزای خێزانی خۆی مارە بكات، بەڵام بەمەرجێك ئەگەر خێزانی وەفاتی كردبێت، یان لێك جیا بوو بوونەوە، چونكە كاتێك دروست نییە پیاو كچێك و پورەكەی ( خوشكی باوكی ئەو كچە ) یا ( خوشكی دایكی ئەو كچە ) مارە بكات، ئەگەر هاتوو هەردووكیان پێكەوە كۆ بكاتەوە لای خۆی، بەڵام ئەگەر هاتوو خێزانی وەفاتی كرد، یان لێی جیا بوویەوە، ئەوا ئەو كاتە دەتوانێت پوری خێزانیشی مارە بكات و بیكات بە خێزانی خۆی، چونكە حەرامیەكە لەوەدایە كە هەردووكیان لەیەك كاتدا كۆ بكاتەوە، كاتێكیش ( هۆ = علة ) ی حەرامیەكە نەما ئەو كاتە حەڵاڵ دەبێتەوە .

لە کتێبی ( تنقيح الفتاوى الحامدية ) کە یەکێکە لە کتێبەکانی فقهی حەنەفی هاتووە : « سُئِلَ فِي رَجُلٍ مَاتَتْ زَوْجَتُهُ الْمَدْخُولُ بِهَا وَلَهَا أُخْتٌ فَهَلْ لَهُ تَزَوُّجُ أُخْتِهَا بَعْدَ مَوْتِهَا بِيَوْمٍ ؟ الْجَوَابُ : نَعَمْ كَمَا فِي الْخُلَاصَةِ عَنْ الْأَصْلِ لِلْإِمَامِ مُحَمَّدٍ ، وَكَمَا فِي مَبْسُوطِ صَدْرِ الْإِسْلَامِ كَمَا نَقَلَهُ عَنْهُ الْقُهُسْتَانِيُّ وَالْمُحِيطُ لِلْإِمَامِ السَّرَخْسِيِّ » [ تنقيح الفتاوى الحامدية بەرگی ١١ / لاپەڕە ١١١ ] واتا : پرسیار کرا لە بارەی پیاوێکەوە کە ئافرەتێکی مارە کردبێت و کاتێك لەژیانیشدا بوو چووە بووە لای، ئایا پاش مردنی دەتوانێت خوشکەکەی مارە بکاتەوە ؟

لەوەڵامدا هاتووە : بەڵێ هەروەك لە ( خولاصە ) ی ئەصڵی محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانیدا هاتووە، هەروەها لە کتابی ( المبسوط ) ی صدر الاسلامیشدا هاتووە، کە ( قەهەستانی ) و ( ئیمامی ( سەرخسی ) یش لێیانەوە نقلٌ کردووە .

پرسیاریش کرا لە شێخ عبد العزيز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئایا دروستە پیاو کچی برای خێزانی مارە بکات ؟

لەوەڵامدا بەڕێزیان ووتیان : دروست نییە پیاو کچی برای خێزانی مارە بکات، ئەگەر هاتوو ئەو پیاوە پوری ئەو کچە ( کە دەکاتە ئەم خێزانەی ئێستای لە ژێری عصمەتیدا بێت ) هەروەك چۆن دروست نییە کچی خوشکی خێزانیشی مارە بکات، چونکە

پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ڕێگری کردووە لەوەی پیاو ژنێك و پورەکەی پێکەوە بکاتە خێزانی خۆی، جا چی خوشکی دایکی بێت. یان خوشکی باوکی بێت، زانایانیش هەر هەموویان بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی پیاو ناتوانێت ئافرەتێك و پورەکانی پێکەوە بکاتە خێزانی خۆی، و لەیەك کاتدا کۆیان بکاتەوە لەژێر عصمەتی خۆیدا، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر هاتوو پیاوێك پوری کچێکی مارە کردبوو، بەڵام پاش ماوەیەك ئەم ئافرەتە وەفاتی کرد، ئەو کاتە ئەو پیاوە دەتوانێت بڕواتە داوای خوشکە زای خێزانە وەفات کردووەکەی و بیکات بە خێزانی خۆی، چونکە لەفەرموودەکەدا هاتوو « نهی رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) أن يجمع بين المرأة وعمتها، وبين المرأة وخالتها » واتا :

پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ڕێگری کردووە لەوەی پیاو ئافرەتێك و پوری ( خوشکی باوکی ئەو ئافرەتە) پێکەوە کۆ بکاتەوە، یان لەگەڵ ( خوشکی دایکی )، بەڵام ئەگەر هاتوو پوری ئافرەتێك ژنی پیاوێك بوو، ئەم ژنە وەفاتی کرد، یاخود هەر لێی جیا بوویەوە لەبەر هەر هۆیەك بوو، پاشان ( عدة ) کەی کۆتایی هات، ئەو کاتە پیاوەکە دەتوانێت خوشکە زای ئەو خێزانە وەفات کردووەی، یان ئەو خێزانەی تەڵاقی دابوو مارە بکاتەوە .چونکە ڕێگریەکە لەبەر ئەوە بوو، هەردووکیان پێکەوە کۆ بکاتەوە لای خۆی، مادام ڕێگریەکە نەماوە کە ( کۆکردنەوەی هەردووکیان بوو

پێکەوە ) ئەو کاتە دورستە مارەی بکات وبیکات بە خێزانی خۆی [ مجموع فتاوى ابن باز " (٢١ /٨) ] .

هەروەها پرسیار کرا لە شێخ محمد بن صالح العثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : پیاوێك ئافرەتێك خێزانی بوو، وە چەند منداڵێکیشی لێی بوو، ئێستا ئەو پیاوە دەیەوێت کچی خوشکی ئەو خێزانەی مارە بکات، ئایا کارێکی لەو شێوەیە دروستە ؟

بەڕێزیشیان لەوەڵامدا ووتیان : کچی خوشك، خوشکی دایکی ئەو کچە دەکاتە پوری لەبەر ئەوە دروست نییە چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموودەی صەحیحدا فەرموویەتی « لا يجمع بين المرأة وعمتها ولا بين المرأة وخالتها » واتا : ناکرێت و دروست نییە پیاو ئافرەتێك و پورەکەی ( خوشکی باوکی ) یان ئافرەتێك و ( خوشکی دایکی ) پێکەوە کۆ بکاتەوە و بیانکاتە خێزانی خۆی .

لەبەر ئەوە دروست نییە بۆ پیاوێك کچی خوشکی خێزانەکەی مارە بکات مادام خێزانەکەی لە عصمەتی ئەودابێت، بەڵام ئەگەر هاتوو خێزانەکەی وەفاتی کرد، ( یان لێی جیا بوویەوە )، ئەو کاتە دەتوانێت خوشکی خێزانەکەی یان کچی خوشکی خێزانەکەش مارە بکاتەوە [ فتاوى نور على الدرب (١٩ / ٢ ) ] .

خوای گەورەش زاناترە ..